# ئەگەرەكانی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە كوردستاندا

زوبێر رەسوڵ *



مێژووی سەرهەڵدانو نەشونماكردنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیو بزاڤو گروپە سیاسیە یاخیبوو هەڵگەراوەكان هاوكاتوو یەیوەندارە بە چركە ساتی سەرهەڵدانی دەسەلأت لەكۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، بەتایبەت لەوەتەی پێكهاتەی چینو توێژە كۆمەلأیەتیو رامیاریەكان دابەش بووەتە سەر چینی دەسەلأتدارو چینی ژێردەستەكان ( الحكام والمحكومون). بەوماناییەی هیچ دەسەلأتێك لەمێژوودا نەبووە شایەنی رەزامەندیو ملكەچبوونی گشت چینو توێژەكان بێت، بەڵكو بەبەردەوامی كەسانێك یاخود گروپگەلێك هەبوونە نارازیبوونە لەكارو فەرمانەكانی دەسەلأت، هەتا دەسەلأتە ئایینیەكانیش بێبەش نەبوونە لەبەربەرەكانێكردنی لایەنی ئۆپۆزسیۆن.

ئۆپۆزسیونی سیاسی بەمانا تازەو هاوچەرخەكەی ئەویش وەك زۆربەی چەمكە سیاسیو كۆمەلایەتی فەلسەفیەكانی تر بەرهەمی شارستانیو كارلێكی كەتەواری فەرهەنگی رۆژئاوایە، بەتایبەت لەتەواوی كولتوری عەرەبو كوردیشدا ووشەو زاراوەیەك شك نابەیت پڕ بەبالأی ئەو مانەیە بێت كە لە ووشە ئینگلیزیەكەیدا مەبەستمانە.

پاساوو گرنگی بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەو روانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت كە هیچ حوكمڕانی و دەسەلأتێك مایەی رەزامەندی گشت خەلك نیە، چونكە هەرتاكێك لەكۆمەلگادا خاوەن دیدو تێروانینی بەرژەوەندی خۆیەتی بۆ دەسەلأت، بەواتای :

– هیچ حكومەتو دەسەلأتێك ناتوانێ جێبەجێكاری گشت داواكاری خواستو ویستو هیواو ئاواتەكانی گشت هاولأتیانو كۆمەلگا بێت بە یەكسانی.

– گشت دەسەلأتە سیاسیەكان بەجۆرێك لەجۆرەكانو بەجیاوازی جۆری سیستەمە سیاسیەكان سانسۆرو تەگەرەدەخەنە بەردەم ئازادی رادەربڕین، بۆیە دەسەلأتو حوكمڕانی كردن لەسروشتی خۆیەوە پێوستی بەبوونی ئۆپۆزسیۆن هەیەو ناتوانرێت خۆی بخاتە دەرەوەی سنورەكانی نارەزایی خەڵكو مارشی كامڵبوون لێبدات. بەهەمان شێوە پێكهاتەو جۆری پراكتیزەكردنی كاری ئۆپۆزسیونیش بە پێی جۆری سیستەمە سیاسیەكان لەگۆڕاندایە، سیستەمی واهەیە بچوكترین دەرفەت نادات بەبوونی هیچ گوتارو هەڵوێستو تێروانینێكی جیاواز لەدەرەوەی سنورەكانی سیاسەتی خۆی، بۆیە لە ئاسۆی ئەم جۆرە سیستمانەدا هەرگیز ناتوانرێت ئۆپۆزسیۆنێك بەرهەم بێت كە بتوانێت بەئاشتیانەو دور لەپەنا بردنە بەرهێزو توندو تیژی پراكتیزەی كاری سیاسی بكاتو پەیامەكانی خۆی بگەیەنێت ، هاوشێوەی رژێمی بەعسی پێشوو زۆربەی ئەو سیستەمە سیاسیانەی كە لە ولأتە دكتاتۆرەكاندا حوكمڕانی ولأت بەرێوەدەبەن. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەسێ جۆرە فۆرم لە سیستەمی سیاسی بدەم لەرووی پێوەندیو هەڵكردنیان لە گەڵ بزاڤو گرۆپەكانی ئۆپۆزسێنەوە بەو پێوەرەی كە (رۆبەرت دال) ئاماژەی پێداوە :

**جۆری یەکەمیان** ئەو شێوازە سیستمانەیە کەخاوەن سانسۆرێکی توند دیسپلینێکی تۆکەمەن بۆ سەر ئازادی رادەربڕین، لە فۆرمی ئەم جۆرە سیستمانەدا بزاڤەکانی ئۆپۆزسیۆن رووبەڕوی چاودێرییێکی پانۆپتیزمانە دەبنەوە لەرووی ئازادیەکانی رادەربرینو موماڕەسەکردنی کاری سیاسیو بەرژەوەندیە ئایدۆلیژیەکانەوە، ئەم جۆرە سیستمانە دەتوانین ناوبەرین بەسیستمە هەژمونکارەکان–Hegemony's System .

**جۆری دووەم** ئەو سیستمانەن کە جۆرە سانسۆریکی سنوردار دەخەنە بەردەم مافی رێکخستنو پراکتیزەکردنی کاری سیاسی، کە رێگا بەبوونی رێکخراوە ئوپۆزسیۆنکارەکان دەدات گوزارشت لەپەیامی خۆیان بکەن بێئەوەی پەنابەرنە بەرتووندو تیژی سیاسی، ئەم سیستمانەش بە سیستمی پلۆرالیست ناودەبرێن – Polyarchies .

**جۆری سێیەم** ئەم جۆرە سیستمانەن کە لەیەک کاتدا هەم سانسۆردەکەنو هەم جۆرێك لە ئازادیش پەیڕەودەکەن هاوشێوەی هێلێکی ناسەقامگیر لەنێوان سیستمە هەژمونکارو سیستمە پلۆرالیزمەکان، ئەم جۆرە سیستمانە لەفەزای ترسبوون لەئازادیدا دەژینو هەمیشە پێیان وایە ئەگەر چاودێری رەوتی کۆمەلگاو پرۆسەی سیاسی نەکرێت ئەوا لەوانەیە بەئاراستەیێکی خەتەردا بڕواتو دواجار بەکۆتایی هێنان بەفەرمانڕەوای ئەوان بشکێتەوە، ئەم جۆرە سیستمانەش روبرت دالّ بەسیستمی ئۆلیغارکی پێشبرکێکار ناوزەد دەکات – Competitive Oligarchy، ئەگەر هەڵەنەبم پێموایە ئێستا رەوتی دەسەلاّتی کوردی بەو ئاقارەدا گوزەردەکات، چونکە دەسەلاّتی کوردی گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کەئەستەمە بتوانرێت لەسەردەمی گلۆبالیزمو جیهانی نێتوۆرکدا سنورەکانی ئازادی و رادەربڕێن بەتەواوی خامۆشبکرێن، ئەمەش لەژێر سایەیی ئەو گۆڕانو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیانەی کەلەجیهانی پێوەندیەکانو میدیاو شۆڕشی زانیاریدا روویداوە نەك لە عەقلیەتو تێڕوانینی حوکمڕانی کوردی بۆ فەرهەنگی پراکتیزەکردنی دەسەلاّت.

کەواتا ئاکتیف بوونو دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی هاوتابووە لەگەلّ گەشەسەندنو فراژووبونی سیستمی حزبایەتیو دەرکەوتنی پارتەسیاسیەکان، بەتایبەت سیستمی لیبرالّیو پەرلەمانی کەرۆلیکی زۆری بەخشیوە بە تەشەنەکردنی کولتوری دیموکراسی، بەتایبەت لەچوارچێوەی پێشبرکێی پارتە سیاسیەکاندا. بۆیە بەدیوێکی تردا ئۆپۆزسیۆن بریتییە لە گواستنەوەی بزاوتە بەرهەلستکارو نارەزاکان بۆ داواکاریە سیاسیەکانو بەدورگرتنیان لەپەنابردنە بەرهێزو هەلگەڕانەوەو لێکترازان، لەم سۆنگەیەوە پێم وایە یەکێك لەهۆکارەکانەی ئەو دابەشبوونەی کەکەوتۆتە ناو (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) یەکێك لەهۆکارەکانی نائامادەبوونی ئۆپۆزسیۆن بووە لە پرۆسەی سیاسی کورستاندا، چونکە گەر پارتێکی تری ئۆپۆزسیۆن ئامادەباشی هەبووایە ئەستەم بوو هێزەکانی ناو یەکێتی توشی ئەم جۆرە کوتلەکاریو دابەشبوونە هاتبوونایە چونکە بوونی ئۆپۆزسیۆنی دەبێتە هۆی زیاتر پتەوکردنی یەکریزی و توکمەبوونی رێکخستنەکانی ناو حیزبە سیاسیەکان لەپێناو پێشبڕکێکردنو هەولّدان بۆچارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ئۆپۆزسیۆن پەنجەیان دەخاتە سەر، بەهەمان شێوە بەو واقیعە حزبیەیی کە ئێستا لە ئارادایە پێشبینی دەکەم ئەو دابەشبونو بالّبالێنە بەتێپەڕبوونی کات پارتی دیموکراتی کوردستانیش بگرێتەوە چونکە سەرهەلّدانی ئۆپۆزسیۆن پرۆسەیێکی سروشتیە مەحالە بتوانریت رێگای لێبگیرێت، بەرگرتن لە ئۆپۆزسیۆن سەرەنجامەکەی بەسەرهەلّدانی ئۆپۆزسیۆن دەشکێتەوە لەناو خودی حزبەکاندا، جائەمە لەشێوەی ریکخستنی نهێنیدا بێت یاخود بەشێوەی ئاشکرا وەك ئەوەی لەناو یەکێتیدا رویدا، ئەمە بەمەرجێك ئەگەر ئامادەیو چالاّکی کاری ئۆپۆزسیۆن وەك

هەمان ئەو سیناریو سیاسیە بێت کەئێستا لە ئارادایە، کەدەتوانین ناوی بنێین **سیناریۆی بەشینەوە سامانو دەسەلأت**، چونکە لەفەرهەنگو ئەدەبیاتی سیاسی دەسەلأتی کوردیدا، حزب رێگاییێکە بۆ کۆکردنەوەی سامانو بەپێچەوانەشەوا سامان رێگاییێکە بۆ پارێزگاریکردنو بەردەوامیدان بەژیانی حزب.  هەرچەندە ناتوانین بەتەواوی ئینکاری نەبوونی رۆحێکی ئۆپۆزسێنکارانە بکەین لەدەسەلأتی کوردیدا بەلأم ئەم رۆحە تائێستا نەیتوانیوە لەچەند هەولێکی لاوازی تاکەکەسیو لە ئاستی گوتارێکی رۆشنبیری لاواز تێپەر بکات، بێئەوەی بتوانرێن بەئاراستەیێکی سیاسی ئامانجێکی دیاریکراو لە شێوەی پارتێکی سیاسیو خاوەن پەیامێکی ئۆپۆزسیۆنکارانە ئۆرگانیزەو دیسپلین بکرێت، ئەمە بەجدی کێشەو قەیرانێکە ئەزمونی دەسەلأتی کوردی زۆر بەچری گرتۆتەوەو کاریگەرییێکی زۆری دەبێت لە دواخستنو پاشەکشێکردنی پرۆسەی دیموکراسی لەکوردستاندا، بەتایبەت یەکێك لەدەرکەوتەکانی ئەم مۆدێلە ناتەندروستە بریتی بووە لەتێکەڵکردنی پرۆگرامەکانی حزبو حکومەت، تا ئەو ئاستەی کارەکانی حکومەت بە فەرمانی لقو مەڵبەندەکاندا بەرێوەدەچن نەك لەلایەن دامەزراوە سیاسیەکانی حکومەتەوە، ئەم مۆدێلە تەنیا لەمۆدێلی حزبی بەعسو کوردستاندا هەبووە، ئەگینا دەسەلأتێك شك نابەیت لە سەتاوەختی ئێستادا پەیڕەوی ئەم مۆدێلە بکات.

کەواتا لەم بارودۆخە ئیفلیجو ناهەموارەدا چۆن دەتوانرێت پێشبینی سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن بکەین لەکوردستاندا، چونکە وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا زۆربەی سیاسەتکارە کوردەکان( سەرکردایەتی حزبە کوردیەکان)  لەو باوەڕەدان کەئەستەمە حزبی سێیەم وەك ئۆزسیۆن بتوانێت لە شانۆی سیاسی کوردستاندا بژیت بەدەر لە هەژموونی پارتیو یەکێتی. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەپارتە سیاسیەکانی بەگشتی لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا لەبارودۆخو ئەتمۆسفێرێکی تەندروستو مەدەنیانە نەهاتوونەتە ئارەوە، بەڵکو زۆربەیان لەئەنجام پەرچەکردارێکی سیاسیو کۆمەلایەتی کولتوری دروستبوونە، وەك خەباتکردن دژی کولۆنیالیزمو خەباتی چەکداری لە پێناو ئازادکرنی نیشتمانو..تاد، بۆیە زۆربەی زۆری پارتە سیاسیەکانی رۆژهەلأت تا ئێستاشی لەگەڵدابێت لەسەر بەهاو سەرمایە رەمزیەکانی شەرعیەتی شۆرش ( الشرعیە الپوریە) کاوێژدەکەنەوە، بەو مانایەی ئەوان شۆرشیان کردووە خوێنیان رشتووە ئیتر نابێت خەڵك نارازیبێت، تا ئاستێك تانەدان لەدەسەلأت بەمانای سوکایەتی کردن دێت بەنیشتمانو خوێنی شەهیدان، کەبۆدواجار ئۆپۆزسیۆن بوون دەچێتە خانەی خیانەتە گەورەکانەوەو سەرەنجام ئاسایشی وولأت دەخاتە خەتەرەوە، ئەم هاوکێشە سەقەتو تەڵەکەئامێزە جگە لەبەردەوامبوونی هەژموونی دەسەلأتێکی رەهاو کپکردنی ئۆپۆزسیۆنو زەوتکردنی پرۆسەی سیاسی پاساوێکی تری نیە، ئەم مۆدێلە حزبە کوردیەکانیش دەگرێتەوە، چونکە زۆر جار بەبیانووی راپرینو خەباتی شاخو قوربانیدان (شرعیە الانتفاچە) هێرش کراوەتە سەر ئەو دەنگانەی کە لەهێلە گشتیەکانی سیاسەتی حزب لایانداوەو ویستویانە گوتاری جیاوازیان هەبێت، بەجۆریك کەهەرزوو سەرپەڕو پەراویزکراونو دورخراونەتەوە لەماڵو موڵکی حزبەوە، بەداخەوە ئەزمونی لادان لەگوتاری حزبو پەنابردنە بەر رای جیاوازو دواتر بەگشتی فەرهەنگی ئۆپۆزسیۆن بوون لەدەسەلاتی کوردیدا ئەزموونێکی سەرنەکەوتوو بووەو تۆزقالێك کاری نەکردۆتە سەر زەبەلاحێتی هێزی حزبە کوردیەکان، بەڵکو ئەوانەی ویستویانە ئۆپۆزسیۆنانە بیر بکەنەوە فەشەلیان هێناوەو ئێستا دەسەلأتیان لە سنوری حەوشەکەی خۆیان تێپەڕناکاتو تەنیا پیاوی ماڵی خۆیانن، ئەم

ئەزموونانە دیسانەوە گوتارێك بەرووی کۆمەڵگاو خەڵکدا پەخش دەکاتەوە کە پێمان دەڵێت شکۆمەندیو هەیبەتی حزب لەم وڵاتەی ئێمەدا بەکەس ناشکێت، ئێوە لەگەڵمان بن یا نەبن ئێمە هەر خاوەن هەمان دەسەڵاتی جارانین.

ئەم مۆدێلەی کە ئاماژەمان پێدا لەو سۆنگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەزموونی دەسەڵاتی کوردیو سەرکردایەتی سیاسی دەسەڵاتی کوردی خاوەن فەلسەفەیەك نیە بۆ بەرێوەبردنی حوکمرانی وولات، چونکە خودی بیرۆکەی ئۆپۆزسیۆنبوون لەو دیدگایەوە سەرچاوە دەگرێت کەبریتیە لە جیاوازبوونی مرۆڤەکانو کۆك نەبونیان بەبەردەوامی لەسەر تاکە رەهەندێك بۆ فەلسەفەی سیاسەتو حوکمرانی، بۆیە لەجەوهەردا ئۆپۆزسیونبوون بریتیە لەبەشداریکردنو رێگەدان بە دەنگی ئەو خەڵکانەی کەنەیانتوانیوە لەپێشبرکێی گرتنە دەسەڵاتدا تەوای دەنگەکان بەدەستبێنن، کەواتا نەبونی ئۆپۆزسیۆن بەدیوێکی تردا پەراوێزکردنی هەموو ئەو چینو توێژە سیاسیو کۆمەڵایەتیانەیە کەبەشدارنین لەتروپکی دەسەڵاتدا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کرۆکی کولتوری دیموکراسیو پرۆسەی دیموکراسیە، کەواتە بوونی ئۆپۆزسیون مەرجێکی سەرەکی هەموو سیستمێکی ئاکار دیموکراسیانەیە، چونکە پرۆسەی پێشبرکێکردنی سیاسی بۆگەیشتن بەدەسەڵاتدا وەك هەرچالاکیێکی تری کۆمەڵایەتی یارییێکی سیاسیەو بەبێگومان گشت بەشداربووان ناتوانن تێیدا سەرکەوتووبن لەیەکاتدا، ئەگینا پرۆسە سیاسیەکە لەبنەرەتدا بەهاو ئەرزشە سیاسیەکانی لەدەست دەداتو ئەستەمە بتوانێت بوارێکی دیموکراسیانە فەراهام بکات، بەو واتایەی بوونی گشت هیزە سیاسیەکان لە ناو چوارچێوەی دەسەڵاتدا بەجۆرێك لە جۆرەکان دەستگرتنو زەوتکردنی پرۆسەی سیاسی لێدەکەوێتەوە. کەچی لەهەمان کات ئۆپۆزسیۆن بەشێکی تەواکەری پرۆسەی سیاسیە نەك بەشێك بێت لەدەرەوەی پرۆسەو کردارە سیاسیەکاندا، کەچی بەداخەوە لەفەرهەنگی سیاسی ئێمەدا هەم لایەنەکانی ناو بازنەی دەسەڵاتو هەم هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیش وا بیر دەکەنەوە کەئەوان ئەگەر بوون بەخاوەن گوتاری ئۆپۆزسیۆن ئیتر دراماتیکیانە دەچنە دەرەوەی پرۆسەی سیاسیو هەلویستو رەفتارەکانیان هیچ حسابو بەهایێکی سیاسی نامێنێت. خاڵێکی گرنگی دروستنەبوونی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستاندا لەو هۆکارەوە دەبینمەوە. ئەمە لەلایەك کەچی لە لایەکی ترەوە خاڵێکی هەرەگرنکی جیاوازی سیستمە دیموکراسیەکان لە سیستمە تۆتالیتارەکان بریتیە لەبوونی ئۆپۆزسیۆن جا ئەمە لەبازنەی پارتە سیاسیەکان بێت یاخود لەسەر شێوەی دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەددەنی یا رای گشتی بێت، یاخود لە شێوەی گروپەکانی گوشارو کۆمەڵەو سەندیگا بەرژەوەندیخوازەکان بێت. چونکە دیموکراسیەت جۆرێکی تایبەت لە کولتوری سیاسی دەسەپێنێتە سەر هاولاتی کە هەمیشە خاوەن فەرهەنگو بیروراییێکی بەشداریکارو رەخنەگریشبێت لەهەمان کاتدا، تا ئاستی فرە هۆشیاری دەربارەی ئەو جموجوڵو گۆرانکاریە سیاسیانەی کە رۆژانە لەولاتدا روودەدەنو کاریگەری تەواویشی دەبێت بەسەر دەسەڵاتدا هەر لەرێگای بەشداری کردن لەهەڵبژاردنەکانەوە بگرە تا خۆپیشاندانو نارەزای دەربرین بەرامبەر دەسەڵاتو نواندنی هەڵوێستێکی دیاری کراو دەهەمبەر پرسە سیاسیو چارەنوسزاکاندا نەك تاکێکی ملکەچ بۆ سیناریۆ رەهاکانی دەسەڵات .

بۆیە ئەوەی تایبەت بێت بەبوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەکوردستاندا بوونی نیە ئەوەی لەئارادایە بریتیە لە هەلویستی بەشێك لە رۆشنبیران گلەیو گازاندەی خەڵکی ئاسایی تەنیا لەقاڵبو ئاستی گوتارێکی رۆشنبیری روپەری رۆژنامەکان تێپەرناکات، بەواتای ئەو نارەزایەی لەئارادایە نەیتوانیوە خۆی لەچوارچێوەی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیو لەرێگای

پارتێکی سیاسی یاخود بەرەیێکی سیاسی ئۆپۆزسیۆنکار نمایش بکات، چونکە ئۆپۆزسیۆن بەرلەهەر شتێك دەبێت هەڵگری کۆمەڵێك ئامانجو پرۆژەبێت ئەگەر بەنیازبێت پەیامێکی ئۆپۆزسیۆنکارانەی هەبێت بۆ واقیعێکی سیاسی کە ئەویش خۆی لەچەند ئاستێکدا دەبینێتەوە:

ڕێکخستنەکانی ئۆپۆزسیۆن : واتا گردبوونەوەی لایەنە ئۆپۆزسیۆنکارەکان لە ڕێکخستنێکدا یان لە کۆمەڵێك ڕێکخستن کە هەر یەکەو بەشێوەیەکی سەربەخۆ کار بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی دەکات.

ڕێگاکانی پێشبرکێکردنی ئۆپۆزسیۆن: واتا چۆنێتی هەنگاو نان بۆ گەیشتن بە دەسەلآت کەبەزۆری پەیوەستە بەپرەنسیپەکانی دەسکەوتو دۆڕان ( الربح والخسارە) لەنێوان لایەنە سیاسیەکانداو لەسەر ئاستی هەڵبژاردنەکانو پەرلەماندا. بەتایبەت پێشبرکێکە لەسیستمە دووحزبیەکاندا زۆر چرترە وەك لەسیستمە  فرە حیزبیکاندا.

ئامانجەکانی ئۆپۆزسیۆن: هەر پارتو لایەنێکی سیاسی ئەبێت خاوەن بەرنامەو پرۆژەیەکی دیاری کراو بێت، وەك ئەلتەرناتیڤێك بەرامبەر لایەنی دەسەلآتدار، ئامانج بەمانەی ئەو هۆپێناوانەی (وسیلە) کە لایەنی ئۆپۆزسیون هەوڵ دەدات پێیان بگات لەڕێگای گۆڕینی رەفتارو کردارەکانی دەسەلآتی فەرمانڕەوا.

ستراتیژیەتەکانی ئۆپۆزسیۆن: مەبەست لەستراتیژیەت بەواتای بوونی پرۆگرامو ڕێگایەك بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەی کەئۆپۆزسیۆن مەبەستێتی لەئەجێندای سیاسی خۆیدا جێبەجێی بکات، بەواتای ئەو ڕێگایانەی کە لایەنی ئۆپۆزسیون دەیگرێتەبەر بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی. هەڵبەتە ستراتیژیەتی هەر ئۆپۆزسیۆنێکیش تاڕادەیەك بەندە بەسروشتی ئەو سیستمە سیاسیەی کە لەئارادایە، لەوانەیە ستراتیژیەتی ئۆپۆزسیۆنێك بریتی بێت لە بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ لەپەرلەماندا وەك ئەوەی لە ئیتالیاو فەرەنسادا هەیە، کەچی لەوانەیە لەوڵآتێکی تردا ستراتیژیەتی ئۆپۆزسیۆن بریتی بێت لە سازشکردنی سیاسی، لەڕێگای هەماهەنگی کردن لەگەڵ ڕێکخراوو سەندیگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەتایبەت لەو ولآتانەی کە خاوەن کولتورو فەرهەنگیکی بەهێزن لەبواری کۆمەڵگای مەدەنیدا، هاوشێوەی ولآتە ئەسکەندەنافیەکانی وەك، سویدو نەرویج. یاخود بریتیبێت لەتەوافق کردنی لەگەڵ هێزەکانی تردا وەك ئەوەی ئێستا لەعێراقدا لەئاردایە.

لەبەر ڕۆشنای ئەو خەسڵەتە ساکارانەی ئاماژەمان پێدا کە پێویستە لە ڕوئیایی هەر ڕەوتێکی ئۆپۆزسیۆندا ئامادەبێت، بەپێویستی دەزانم، تیشکێك بخەمە سەر ئەو بۆچونانەی کەزۆرجار باس لە بەرەی ئیسلامیەکان دەکرێت وەك ئاڵتەرناتیڤێك بۆ بەرێوەبردنی دەسەلآت لەکوردستاندا، بەتایبەت یەکگرتوی ئیسلامی کەمن لەچەند دێرێکی کورتدا پێموانیە ئەم بۆچوونە لەجێگای خۆیدا بێتو پارتە ئیسلامیەکان بتوانن پەیامێکی ئۆپۆزسیۆنکارانە پەخش بکەن کە مایەی ڕەزامەندی زۆربەی خەڵكو، واقیعێکی جیا لە ئەزموونی پارتی یەکێتی بنەخشێنێت (جیا لەگوتارە ئاینیەکانی) بەواتای پرۆژەیێکی ڕێكو پێك بۆ بەرێوەبردنی وولآت، چونکە ئێمە لەکوردستاندا هیچ کێشەیەکمان لەسەر گوتاری سیاسی دەسەلآتی کوردی نیە، بەڵکو کێشەکە لەسەر باشتر بەرێوەبردنی هەرێمو دادی کۆمەلایەتیو باشترکردنی گوزەرانی خەڵكو نەهێشتنی گەندەلکاریکانەی دەسەلآتی پارتیو یەکێتیە، ئەمەش لەبەر چەند هۆیێکی سەرەکی:

1- یەگرتوی ئیسلامی بەتایبەتیو لایەنە ئیسلامیەکان بەگشتی خاوەن چوارچێوەیەکی بەهێزی جەماوەر نین کەبتوانن گوزارشت لە پەیامی زۆربەی چینو توێژەکان خەڵك بکەن لەکوردستاندا، بەڵکو زۆربەی کات سەنگی گوتاری ئەم پارتە ئاراستەی توێژێکی دیاری کراو دەکرێت کەتا ئێستاش رێژەی ئەندامەکانی لەئاستێکی زۆر لاوازدایە لەبەرامبەر پارتی و یەکێتیدا، کە ئەمەش وادەکەت کە یەکگرتوو نەتوانێت، وەك ئالتەرناتیڤی پارتیو یەکێتی کار بکاتو، ببێتە مەترسیێك بۆ سەر دەسەڵاتی یەکێتی پارتی تا ئەم لاسەنگیە چارەسەر نەکات.

2- پارتە ئیسلامیەکان تا ئێستا بەڕوونی پیشانیان نەداوە کەئایا ئەوان خوازیارن هەڵوێستێکی ئۆپۆزسیۆنکارانە بگرنەبەر لەبەرامبە پارتی یەکێتیدا واز لەوەزارەتەکانیان بێنن بەشداری نەکەن لەحکومەتدا، لەوانەیە نەبوونی ئەم گوتارە تا رادەیەك پێوەندی هەبێت بە رێگەنەدانی پارتی یەکێتی لە لایەکداو، لەلایەکی تریش پەیوەندی بەو فۆبیا سیاسیەی شەری ناوەخۆ هەبێت کە هێزە ئیسلامیەکان تا ئێستاش لێیدەترسن لە ئەنجامی ئەگەری روودانی هەر ناکۆکییێکدا لەگەڵ پارتی یەکێتی.

3- بوونی گوتارێکی نێودەوڵەتی نێگەتیڤ بەرامبەر ئیسلامیەکان لە جیهاندا، تا ئاستی رێگەنەدانو تەگەرە خستنەبەر گەیشتنیان بەدەسەڵات، تا ئەو ئاستەی بەدوور نیە ئەمە ببێتە هۆی نیگەرانی ئەمریکا کە ئێستا بەووردی چاودێری بارودۆخی ئیسلامیەکان دەکات لەعێراقدا بۆئەم مەبەستە دەتوانین چەند نموونەیێکی زیندوو ئاماژە پێبدەین هەر لەفەلستینو لوبنانەوە بگرە تادەگاتە میسرو جەزائیر( لەوانەیە کەسانێك پێیان وابێت کە نموونەی تورکیو گەیشتنی پارتی دادو گەشەپێدان بەدەسەڵات پێچەوانەی بۆچوونەکەمان بسەلمێنێت، بەڵام لەراستیدا ئەو فۆرمە دەسەڵاتە ئیسلامیەی پارتی دادو گەشە پێدان فۆرمێکی تایبەتەو لەهەناوی ناسیونالیزمێکی سیکۆلاردا سەریهەڵداوە، جیا لە هەموو بزاڤە ئیسلامیەکانی ناوچەکەوە، وەك بیرمەندی تورکی شەریف ماردین بە(الاستپنائیە الترکیە- Turkish exceptional ) وەسفی دەکات کەجیاوازە لەتێگەیشتن بۆ چەمکی ئایین و پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتدا، لە گشت وڵاتە عەربی و ئیسلامیکانی ناوچەکەدا، بەومانایەی دەوڵەتو نەتەوە لە تورکیا هەمیشە بەمیلیمەترێك لە پێش ئایینەوە دێت بەپێچەوانەی زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکانی ناوچەکە کە ئایین بەچەند فەرسەخێك لەپێش دەوڵەتەوەیە).

4- بوونی گومانێك لای زۆربەی خەڵکی کوردستان لەسەر جۆری ئامانجو ستراتیژیەتی کاری پارتە ئیسلامیەکان لەکوردستاندا، بەو واتاییەی ئایا پارتە ئیسلامیەکان گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە ئێمە بەدڵنیاییەوە بتوانین کۆمەڵێك پرسی نەتەوەی ناسكو هەستیاریان پێبسپێرین.

5- بوونی کۆمەڵێك کێشەو قەیرانی سیاسیو کولتوری نەتەوەیو بەهەڵواسراوی مانەوەی چەندەها پرس لەنێوان حکومەتی ناوەندی حکومەتی هەرێمدا، هاوشێوەی مادەی 140 و بۆندەکانی نەوتو غازو پرسی پێشمەرگەو.. تاد ، کە ئەستەمە پارتە ئیسلامیەکان بتوانن مامەڵەیێکی باشتر لەپارتیو یەکێتیدا لەگەڵ بکەن.

6- مەحاڵە پارتیو یەکێتی رازی بن لەسەر تەسلیمکردنی دەسەڵات بەو پارتە ئیسلامیانەی کە تا دوێنی لەسەنگەری شەڕدابوون لەگەڵیاندا ئەمرۆ بەپاساوی بوونی دیموکراسی بێنە سەر میراتی پارتیو یەکێتی( کەچی ئەو جۆرە دەستاو دەستکردنەی دەسەڵات زۆر ئاساییەو بەشێکە لە پرۆسەس گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات لە سیستەمە

دیموکراسیەکاندا) کەزۆر ئاستەمە فەرهەنگی سیاسی کوردیو زۆربەی رۆژهەلاتی ناوینیش بتوانێت قبولێکات، کەلەوانەیە ئەگەری زەنگێکی تری شەری ناوخۆی بەدواوەبێت.

کەواتا گریمانەی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن لەسەرەتادا پەیوەستە بەدروستبوونی فەزایێك لە نیگەرانیو گومانو دڵەڕاوکێ لای خەڵك بەتایبەت کاتێك تاکەکانی کۆمەڵ دەگەنە دۆخی جۆرێك لەنامۆبوون بەرامبەر دەسەڵاتدا. (کەمن پێم وانیە ئەم نامۆبوونە لەئێستادا گەیشتبێتە ئاستی خۆی) کەلەئەنجامدا کەلێنو ناکۆکیێکی گەورە دەکەوێتە نێوان خەڵكو دەسەڵات تادەگاتە دروستبوونی جۆرێك لەناسەقامگیری سیاسیو کۆمەڵایەتی بەخێرایی کاریگەریەکانی بەسەر گشت کایە کۆمەڵایەتیەکاندا دەردەکەون. ئەو نیگەرانیەی باسمان کرد لەسەرەتادا وەك هەڵوێستێکی دژەکردار خۆی دەنوێنێت لەبەرامبەر رەفتارو سەرپێچیەکانی دەسەڵاتدا، بەرای خۆم ئەو قۆناغەی ئێستا دەسەڵاتی کوردی پێیدا تێپەر دەبێت رێك ئەو چرکە ساتەیە کەنیگەرانییێکی فراوان دەرکی پێدەکرێت بەرامبەر دەسەڵات ئەو نیگەرانییە بەتێپەربوونی زەمەن هاوکات لەگەڵ دابەزینی کێرڤی متمانەی دەسەڵات هەمیشە لەزیادبوون دایە، تا دەگاتە خۆکۆکردنەوەو نمایشکردن لە شێوەی سەندیگاو کۆمەڵەو گروپەکانی فشار، حالیحازر ئەو نیگەرانییە لەکوردوستاندا نەگەیشتۆتە ئاستێکی ریکخراوو فەرمی لەشێوەی دامەزراوە سیاسیو مەدەنیەکاندا، هەرچەندە هەوڵێك لەئارادایە، چەند گروپو رێکخراوێك هەن کەدەیانەوێت کاریگەرییان هەبێت وەك گروپێکی فشار لەسەر دەسەڵات، بەڵام حزبە کوردیەکان هونەرو توانایێکی وایان پەیدا کردووە کەهەر زوو ئەم هەوڵانە شکست پێبێنێت، چونکە دووحزبە زلهێزەکە هاوشێوەی دەسەڵاتێکی تۆتالیتار گشت مەودا گشتیو تایبەتیەکانی کۆمەڵگای کوردیان داگیر کردووە، بەتایبەت کاتێك کاردەگاتە سەر پێشبڕکێ لەنێوان پارتی یەکێتیدا ئەم حاڵتە باشتر دەردەکەوێت وەك بڵێیت ئەم خەلکە گشتی بەسەر پارتیو یەکێتیدا دابەشکراوە، ئەم خاڵە زۆر جار مرۆڤ والێدەکات بگاتە ئەو بۆچوونەی کەبلێت مەحالە رەوتی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستاندا دروستبێت، بەتایبەت کاتێك ئەم دوو حزبە سۆزو هەڵوێستە نەتەوەیەکان وەك دروشمێکی نوستالیژی دیماگۆجیانە بەکاردێنن بۆ بەردەوامیدان بەدەسەڵاتەکانیاندا، هەروەك لەهەڵبژادنەکانی ئەنجومەنی نوێنەوەرانو هەلبژاردنەکانی تردا دەرکی پێدەکرا، ئەم هەڵوێستو نیگەرانیەی ئێستا لای خەڵك دروستبووە سەرەتاو دەروازەیەکە بۆ بنیاتنانی هۆشیارییێکی گشتی لای تاکی کوردی لەشێوەی دروستبوونی بزاڤی سیاسیو کۆمەلایەتی وەك پەرچەکردارێك دژی دەسەلات، کەواتا دەرئەنجامی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن ئەنجامی رەفتارێکی گشتییە لەلایەن کۆمەلێکی دیاریکراو دەهەمبەر دیاردەیەکدا کەئەو گروپە بەنارەوای دەزانێن، جا ئەم رەفتارە بۆی هەیە لەشێوەی دامەزراوەکانی کۆمەلی مەدەنی بێت کەئەرکیان چاودێریکردنو رەخنە گرتنە لەدەسەلات بێئەوەی مەبەستیان گەیشتن بێت بە دەسەڵات، یاخود لەوانەیە هەڵوێستەکان بتوانن خویان لەشێوەی پارتێکی سیاسی نمایش بکەن کە ئامانجیان گەیشتنبێت بەدەسەڵات، ئەوەی تایبەت بێت بەخاڵی دووەم تا ئێستا نیگەرانی نارەزاییەکانی خەڵك نەیتوانیوە خوی دیسپلین بکات لەشێوەی پارتێکی سیاسی کەخاوەن بەرنامەو ئامانجێکی ئۆپۆزسیۆنیانە بێت.

بۆیە نائامادەگی ئۆپۆزسیۆن لەئەزموونی هەڤدە سالی دەسەڵاتی خۆمالیدا بەمەترسیێك دەزانم کەهیچی کەمتر نیە لەمەترسی دووژمنێکی نادیار، کەلەئەنجامدا پرۆسەی پراکتیزەکردنو دەستاودەستنەکردنی دەسەلات بەئاقارێکی

مەترسیداردا بەرێت، تا ئاستی لەدەستدانو لاوازبوونی ڕەوایەتی–Legitimacy و شکۆی دەسەڵاتی کوردی. چونکە جەوهەری دروستبوونی دەسەلآت لەبنەرەتدا لەسەر بوونی پەیمانێك بنیاتنراوە کەپێی دەوترێت پەیمانی کۆمەڵایەتی–Social Contract  کە تیایدا هاولآتیان وازیان لەبەشێك ئازادیەکانی خۆیان هێناوە لەپێناو بەدەستهێنانی ژیانێکی باشترو سەقامگیربوونێکی پتر لەدۆخی بەر لەدروستبوونی دەسەلآت( دۆخی سروشتی) لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و ئیرادەی گشتیدا، هەر کاتێك دەسەڵاتی سیاسی نەیتوانی قەرەبووی ئەو مافو ئازادیانە بکاتەوە کەتاکەکان وازیان لێهێناوە لەپێناو دروستبوونی شکۆی دەسەڵاتدا، ئەوا مافی خەڵکە شەرعیەتی سیاسی لەدەسەلآت وەرگرێتەوە، ئەگەر هاتوو دەسەلاتیش ئامادە نەبوو ئەو شەرعیەتە بداتەوە خەڵك، ئەوا خەڵك دەتوانێت پەنا بەرێتە بەر هۆکاری تر بۆ گەڕاندنەوەی ئەو جۆرە متمانەیە، ئەمەش ئەو هاوکێشەو گریمانە سیاسیەیە کە جەوهەری فەلسەفەی بوونی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنیاتنراوە،

* ماستەر لە زانستە سیاسیەکان